**Iraq _Kurdistan parliament**
**Kurdistan-Hawler**
*Human committee*

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**کوردستان ـ هەولێر**
**لیژنەی مافەکانی مرۆڤ**



**No: 27**
**Date:26/8/2014**

**ژمارە: 27**
**رۆژ: 2014/8/26**

## بۆ بەڕێز / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
## ب / ڕاسپاردە

دەقی ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دەربارەی دۆخی ئاوارەکان و ئەو تاوانانەی لەلایەن گروپی داعشەوە دەرهەق بە سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان ئەنجامدراوەو لە کۆبوونەوەی نائاسایی ژمارە (2) ی (2014/8/25) دا بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەر درا .

**لەگەل ڕێزماندا...**

**سۆران عومەر**
**سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ**

وێنەیەک بۆ /
دۆسیەی تایبەت

## ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ

1- دروستکردنی کەمپ لە شارەکانی (هەولێر . دهۆك . سلێمانی . کەرکوك) بەپێی پێویست و بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان و گەڕانەوەی ئاوارەی ئەو ناوچانەی کە لە ڕووی سەربازییەوە شوێنەکانیان ئازاد دەکرێت .

2- تۆمارکردنی ناوی سەرجەم ئاوارەکان بەیەك شێواز لەسەرجەم کوردستان و چارەسەرکردنی خوێندنی قوتابیانی ئاوارە بکرێت .

3- دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم ئەو تاوانانەی کە لە دوای داگیرکردنی شاری موسڵ و شنگال لە لایەن داعشەوە بەرامبەر ئێزیدی و مەسیحی و سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان ئەنجام دراون و یەکخستنی سەرجەم هەوڵەکان لەو بارەوە.

4- داوا لە حکومەتی عیراقی بکرێت بودجەی ئەو پارێزگایانەی کە خەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون بۆ پێداویستی ئاوارەکان سەرف بکرێت .

5- ڕێکخراوی تایبەت بە هاوکاری مرۆیی بە ناوی (مانگی سوری کوردستان) دروست بکرێت. کە ئەرکی کاروباری ئاوارە و ئیدارەدانیان و هاوکاریکردنیان لە ئەستۆ بگرێت .

6- هاتنی ئاوارەیەکی زۆری عەرەب بۆ شاری کەرکوك لەبەر چاوبگیرێ و بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارەی عەرەب بکرێت بۆ ئەو شارە .

E-mail: ikna@kurdistan-parliament.org